www.kurdistannet.org
22-1-2003 0:53

# قەرسیلیترین شەو

بەناز کوێستانی
banaz@maktoob.com



دەست دەبەم گەڵایەکی زەردی پاییزی
کەوتوی سەر شەقامەکە هەڵبگرمەوە
شەماڵێك راپێچی دەکات
بۆ ژێر پێی رێبوارێکی دڵ رەق...!
دەست دەبەم پەڕەی گوڵێکی
سوری ژاکاو لێ بکەمەوە
بایەکی توند هەڵ دەکاو پەڕەکانی
بەرووی دیوارێکی زبری بلۆکدا دەدادات. . !
دەست دەبەم دەنکێك تووی رەشی
کەوتوی بەردەرگاکەمان هەڵ بگرمەوە
ئوتومبیلێك دێتو پێش گەیشتنی پەنجەی من
بەخاکەکەوە پانی دەکاتەوە. . !
بەیانیان کوکوختی سەر دارگوێزی حەوشەکەمان
بەگوێمدا دەگمێنێ. .
بێچووە خریلانەکەی فێرە فرین دەکات
کەچی ئەم سپێدەیە خۆیو بێچوکەشی
بوونە قوربانی بەردی دارلاسیکی
منداڵێکی عەجولی گەڕەکەمان .
منیش وەك منداڵێکی لاسار
هاتووم دەست بنێمە نێو دەستەکانتو
سەفەر بەژیاننامەی نالیدا بکەین
پیاسەیەك بەشارەزووورداو. هەناسەیەك لەئەزمرِ بدەین
کەچی پەنجەکانت دەبنە توولەماری رەشو
بەسەری پەنجەکانمەوە دەدەن. . !
شەوێکی قەرسیلیەو...
لەدووتوێی کتێبێکی ئاویدا
تواومەتەوە. . !
لەزەمەنی چرکە ساتە دۆڕاوەکاندا
تاساوم. . !
لەبۆتەی شیعرێکی تەڕدا

دەتوێمەوە. . !

لەرەنگێکی سپیدا. . ئاوی

دەچمەوە. . !

شەوێکی قەرسیلییەو. .

نم نم باران دەبارێتە سەر لێووم. .

کەچی تینوومە. . تینوو

دەمەوێت لەسەر دووکورسی تەختە

لەسەرابێکی زەردباودا

دانیشین

پەرداخێك ئاوی سۆلاڤ

پێکەوە بخۆینەوە. . !

شەوێکی قەرسیلییە

قەرسیلییەکی تەڕ

ئاوی چاوی هەمووان دەبات

تەنها منو تۆ نەبێ

ئاشنایە پێمان

تەڕە وەك خۆمان. . !

ئێوارەیەکی شیعری تەڕە

هەموو لەدەوری مایکەکە گوێمان هەڵخستووە

بۆ داباریني وشەو دەنگو هەستو سۆز

تەنها تۆ لێرە نیتو

گوێت لەئاوازی قەصیدەیەکی قەرسیلیی تەڕ نییە. . !

تۆ لێرە بیت یان لەوێ

لەگەڵمدای. . لەخوێنمدای. . لەهزرمدای

تۆ...

سێبەریتو لێم نابیتەوە. .

سێبەرمو لێت نابمەوە. .

من تارمایيەکی شاراوەی خەونەکانتم. .

تۆ پاڵەوانێکی خەیاڵی چیرۆکەکانمی. .

من دڵۆپێك شەونمو دەبارێمە سەر لێوەکانت

تۆش بەجولەیەکی خێرا فرێم دەدەیتە گەرووتەوە. .

من گریانێکمو لەگوێتدا دەزرنگێمەوە

تۆش ڤایرۆسێکی کوشندەیيو تێکەڵ بەخوێنم بووی

تێکەڵ بەمۆخم بووی. .



www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

تێکەڵ بەبیرکردنەوەکانم بووی. .

سەراپای رۆحو جەستەت داگیرکردوم. .

تۆ داگیرکەرێکی زیرەکی

منیش نیشتمانێکی بەپیتو

نیشتمانێکی بێ کەسو

نیشتمانێکی سارد

نیشتمانێکم زەمەنێکە چاوەروانم

ئالآی سەربەخۆیی هەلگەم

تۆش چاوەڕوانی ئالآی سپیت بۆ هەلدەم. . ؟

شەوێکی قەرسیلییە. . قەرسیلییەکی تەڕ. .

تەڕتر لەچاوی بەخوماری مامزێك

کەلەقەفەسی خواپێداوێکدا بەند کراوە. .

رەشتر لەچاوی ئەو ژنانەی

سمکۆلآن دەکوتنو وەك رەوە

ئەسپێکی سەر کەش

بەرەو ئاسۆ دەحیلێنن. . ؟

خودایە. . بمبەخشە. .

بەم شەوە قەرسیلییە تەڕە. .

بیر لەڕەوە ئەسپ دەکەمەوە. .

بمبەخشە

بیر لەچاوی رەشی کارمامزێکی بەندکراو دەکەوە. . !

خودایە. . بەگەورەی خۆت بمبەخشە

کەبیر لەئەو دەکەمەوە. .

خودایە. . بمبەخشە

بەدەست خۆم نییەو دەبێ بیری لێ بکەمەوە. .

سێبەرەو لێم نابێتەوە. .

ڤایرۆسەو لەخوێنمدایە. .

ئاوازەو لەگوێمدا دەزرنگێتەوە. .

وشەیەو لەهزرمدا دێتو دەچێت. .

خودایە. . بمبەخشە

بەم شەوە قەرسیلییە تەڕە

★★★

خودایە. .

بەم شەوە قەرسیلییە تەڕەدا

گوزەر بکە

تاوێ لام دانیشەو فێرم بکە

چۆن لەبیر خۆمی بەرمەوە. . !

چۆن ئەو چاوە رەشانەی بریقەی زێریان ئەدایەوە

لەچاوانم وەدەر نێم. .

چۆن ئەو دەستانەی پەنجەکانمی ئەگوشیو

ئارامی پێ دەبەخشیم

لەبیر کەم

خودایە. . بمبەخشە. . کەدەڵێم:

چۆن ئەو لێوانەی بەگوێچکەمدا دەیچرپاند

خۆشم دەوێیتو

بەئەسپایی ماچێکی نەوچەوانی دەکردم

لەبیرکەم

خودایە. .

بەچ ئاینو رێسایەك رەوایە

بەدەستی خۆم ماڵی دڵم وێران کەم

بەچ هەقێك رەوایە کانی دڵم کوێرکەمەوە

بەچ رەنگێك رەوایە. . تێکەڵەیەك لەیەکدی جوداکەمەوە

خودایە. . بمبەخشە

بەگەورەیی خۆتو بەخۆشەویستی ئەو. .

بمبەخشە

بەرەشی چاوەکانیو

بەزامی بازووەکانی

بمبەخشە

بەشەوێکی قەرسیلی تەڕ. . تەڕ. .

banaz@maktoob. com